# ئەفسانەی لەشکری تورکیایش، فت

عەباس شوان/ فینلاند



هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵین کە ئەو هەڕەشانەی کۆنی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەباکوڕی عێراق (فۆبیای تورکیایە)، لەئانوساتدا دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە. لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەو کارە دەکرێت، ئەوەی لەهەموو شت زیاتر ئاشکرایە هەرێم زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت، بەڵام پێدەچێت لەدرێژ ماوەدا ئەو ئەفسانەیەی لەمێژەوە بۆ لەشکری تورکی لەناوچەکەدا چێی کراوە وردوخاش بێت، دیارە ئەو کارەش بەدەستی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی هەرێم ئەنجام دەدرێت. ئەم چۆن لێکدانەوەیەکە؟

ئاشکرایە کوردی کوردستانی باشوور، لەوە دەرچووە، وەک هێزێکی پەراوێزکراوی ناوچەکە حسابی بۆ بکرێت. لەمێژەوە نەک خۆی بەڵکوو هێزێکی گەورەی وەک ئەمەریکا هاوپەیمانێتی، لەو هاوکێشەیەدا پێدەچێت بەهەردوولا (دیارە ئەمەریکا بەناڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت) دەرسێکی وای لەشکری تورک دابدەن بۆ هەتا هەتایە بیری نەچێتەوە، جارێکی دی گەفی هەڕەشە لەدەرودراوسێی خۆی نەکات. ڕاستی ئەو بۆچوونە لەئایندەدا دەردەکەوێت.

هاوکات لەوانەیە ئەم لەشکرکێشییە ببێتە مایەی خۆ ڕێکخستنەوەی خەڵکی عێراق بەکورد و عەرەبی شیعە و سونەیەوە، ئەو تەرحەی کە باس لەدابەشکردنی عێراق دەکات، پووچەڵ بکاتەوە. ئەم خاڵەش بەقازانجی تورکیایە. بێجگە لەوانە گریمانەی ئەوە دێتە ئاراوە دنیای عەرەب لەگەڵ هەموو ناتەباییەکیان لەگەڵ دۆزی کورددا، دوا جار پشتی کورد و عێراق بگرن. بەم جۆرە وەک دەبینین لەم کارە ناژیرانەیەی تورکیا بەو ئابوورییە داتەپیوەی کە هەیەتی، هێندەی تر قەیرانی گەورە گەورەتر دەبێتەوە.

2007.10.14